# ئینفراستروکتوری کومەڵایەتی مۆدێلی درێژخایان

**ئاسۆ حامدی**
**ئەیلول** 2006
**asohamed@hotmail.com**

لە ساڵی 1992 لە کۆنگرەی دووەمی جیهانی بۆ ژینگە لە ڕیۆدۆجانیرۆ مەسەلەی درێژخایان بۆ گەشەدان بەجیهان خرایە ڕوو و پێ ی لەسەر داگیرا.لەم کۆنگرەیەدا لەسەر بنەمای هاوسەنگی ئابووری و ئیکۆلۆجی و سۆسیالی کەلتوورەکاندا ئەمانجەکانی مەسەلە درێژخایانەکان دانران. مەسەلەی درێژخایان لە پێناسەی کۆمسیوۆنی برونتلاندا کە لەسەر بنەمای ئایندەی کۆمەلگاکانمان پێناسە کرا. پیناسەی درێژخایان بریتیە ( ئاڵوگۆرەکان و گەشەی درێژخایان ئەو ئاڵوگۆڕو گەشەیەن کە ئاڵوگۆڕ و گەشەی نەوەی ئێستا کە لە پێداویستەکانی نەوەی ئیستا وە سەرچاوەدەگرێ نابێ گرفتی لەگەڵ ئاڵوگۆرەکانی گەشەی نەوەکانی ئایندەدا هەبێ)، لە ئاستی ئەنتەرناسیونال دا مەسەلەی درێژخایان ناسراوە بە پرنسیپەکانی

People, planet, profit




ئەم هێلکاریە لە ڕۆردرا .2001 وەرگیراوە..
سیاسەتەکانی وولاتانی دونیا بۆ گەشەدان بە کۆمەڵگاکانیان لە چوارچێوەی سیاستەکانی دەرووە ناوخۆیاندا لە مەسەلە بەرین و هەمەلایەنەکان درێژخایانەکانەوە سەرچاوە دەگرن.
ئەم هاوسەنگیە کۆمەلایەتیە و ئابووریە و ئیکۆلۆجیە سەرەتای هەموو بنەماکانی گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕەکانن.
لێرە مەسەلەی درێژخایان من لە جیاتی ووشەی ئینگلیزی

Sustainbility

مەسەلەی پان و بەرین لە جیاتی ووشەی

Integral

بەکاردەهێنم ئەمە سەرەتایەکە بۆ ناوەخنی تێکهەلکێشانی مەسەلەیەکی گرنگ کە ئەویش بنەماکانی کۆمەلایەتین لە کۆمەلگای شارستانی دا. ئەمە جگە لەوەی کە بنەمای هەموو سیاسەتەکانی ناوەو دەرەوەی وولات دەبێ لەمەوە سەرچاوە بگرێ.
بۆ ئەوەی وورده وورده بۆ ناو باسەکە بچین ئەوا پەروەردەی نەوەکانی هاتوو دەبێ لەسەر بنەمایەکی زانستی بێت، نە ئەلف و بای عەرەبی و فارسی لەگەڵ زانست و زانستی کۆمپیوتەر هەڵدەکا ، نە

پەرتووکەکەی مامۆستا  ئیبراهیم ئەمین باڵدار هەزار سڵاو لە یادی بێ ئەم  پەرتووکە ئەم مەودایەی نەماوە لە گەڵ ژیان و گوزەرانی ئەمڕۆی وولاتیکی تاک بەرهەمی نەوتدا بێتەوە.
حەتمەن ئەوە لە باهای پەرتووکەکەی بەڕێزیان کەم ناکاتەوە بەڵام دونیا دونیایەکی ترە بە بەراورد لەگەڵ ئەم ناوەرۆکەی کە لەپەرتووکەکانی کۆنی پەروەردەدا هەن. ئەمە مەسەلەیەکی بەڵگە نەویستە. ( ئەگەرچی هەموومان بە دارا و زارا فیری خوێندەواری بووین کە مایەی ئەوەیە مامۆستا ئیبراهیم و نەوەکانی و میللەتی کورد شانازی بەم مامۆستا بەرێزەوە بکات).
بەنموونە دونیای دوای شەڕی سارد جیا بوو لە پێش خۆی چۆن لە دونیای دوای 11ی سێپتەمبەر ئەم فازەش بەسەر چوو. هەر ئاڵوگۆڕەکانی خودی عێراق کافیە بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە فەرهەنگیانە..
 مەسەلەیەکی گرنگتر مانەوەی ئەلف وبای عەرەبی و فارسی لە ڕێنوسی کوردی دا  کە ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لە گەشەی نەوەکان و کەلتووری سۆسیالی وولاتدا هەیە.
ئەمڕۆ زانستی کۆمپیوتەرو ئیفۆرماتیکا بۆ هاوتەبایی بوونی ئەم شێوە لە نووسین هەردەم کۆسپە لەبەردەم بەرنامەکان و ئاڵوگۆڕەکاندا ، بۆیە جێ گرتنەوەی ئەلف وبای لاتینی  لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندندا و تەنانەت هەموو دامەزراوە حکومی و گەلیەکاندا  لە جێگای ئەلف و بای عەرەبی لە لایەک لە لایەکی تر گۆڕین و گەشە پێدانی منهاجەکانی پەروەردە لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندن دا لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی و نوێخوازیدا کە لەگەل سەردەم دا بگونجێت و گەشە بە نەوەکانی داهاتوو بدات.
ئەم مەسەلەیە نوێ نیە ئەوا نیوەی میللەتی کورد بەحوکمی یاسای داگیرکەرانی ئەلف وبای لاتینی بەکاردەهێنێت ئەگەر ئازادی نوسین و خوێندن لە کوردستانی ژێردەستی تورکیا ئازاد بێت ئەوە زمانی نوسینیان لاتینی دەبێت.

 ئەگەرچی پرۆسەی گەشە کردنی کۆمەڵگا لەسەرەخۆ و هەمەلایەنەیە، دەبێ کۆمەڵگا ئامادەگی بۆ هەبێ لەگەڵ چەکەرەکردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کە خۆی لە هەمووی دا دەدۆزێتەوە، لێرە هەموو یانی تەواوی بیروباوەڕە جیاجیاکانی بزوتنەوە کۆمەڵایتیەکان و دینامیکیەتیەکانیان لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا لە پیشبڕکیی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی دان. ئەوەی لەخوارەوە زیاتر تیشکی دەخینە سەر بنەمای گەشەی کۆمەڵایەتی نەوەکانی نوێ یە؛

بنەماکانی ئینفراستروکتوری کۆمەڵایەتی گشت کۆمەلگایەک بریتین لە:
- قوتانخانە
- خێزان
- گەڕەک ( دەورووبەر)

هەروەکو چۆن لەم هێلکاریەدایە،



ئەوەی لێرەدا جێ ی سەرنجە بنەماکانی کۆمەڵایەتین بۆ پەروەردەی نەوەکانی نوێ لە تەمەنی منداڵی دا تا دەگاتە تەمەنێ کە مرۆڤ خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی دەدات، ئەوکات مرۆڤێکە لە ژێر کاریگەری کۆمەڵایەتی هەردەمێنێ بەڵام ڕەنگە قوتابخانە لە فازێکی تردا بێت.
ئەم ئینفراستروکتورە بۆ نەوەکانی ئایندە لە نان و ئاو زەروور ترە، دەبێ زۆرگرنگی پێ بدرێت، تا دەگاتە ئاستێکی نموونەیی دابێت. کات لە سەر کەس و هیچ هەڵوەستە ناکات بۆیە هەر چەند هەنگاو بەرەوپێشەوە بڕۆیی جارجار دەبێ ئاورێ لە ڕابردووش هەر بدیتەوەو کەمێ هەڵوەستە بکەیت.
بۆ نەوەکانی نوێ ئەم مۆدێلە زۆر گرنگە، ئەم سێ سێکوچکەیە لەم مۆدێلە خودی ئاستی کەسەکان ئایندەی مرۆڤەکان و کۆمەڵگا دیاری دەکەن.
تێکهەلکێشانی مۆدێلی درێژخایان لە هەموو بوارەکان لە گەڵ بنەما کۆمەڵایەتیەکان هەنگاوێکی جدی دەبێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی نەوەکانی داهاتوو داڕشتنی سیاسەتەکانی ووڵات بۆ هەرچی زیاتر پاراستنی قازانجی بەرزی نەتەوەیی.

قوتابخانەکان و مامۆستاکان و مەنهەجیەتی فیرکردن و ئاستی توانای بیر و زەینی قوتابیەکان چارەنووسیان دیاری دەکەن، هەموو ڕابەرەکانی ئایندە لە قوتابخانەکان دەست پێدەکات. ڕەنگە ئەم حوکمە کۆن بێ بەڵام قوتابخانەکان مەیدانی گەشەی نەوەکانی نوێن.
خێزان ئەو ناوەندە بەهێزەیە کە دوای ئەوەی مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن، ئینجا جیاوازیەکان بە جیاوازی خیزان و ناوەندیەکانیان دەست پێدەکات. جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نیوان چینەکانی کۆمەلگایە، ڕژێمی کۆمەڵایەتی بەڕیوەی دەبات.
گەڕەکیش ئەوناوەندەیە کە خودی خێزان وەکو ماسی لە نێو مەدای خۆیدا لە مەلە دایە. گەڕەک کۆکراوەی بەشە بچوکەکانە، گشت لە کۆی بەشە بچوکەکان پێکهاتووە.
دوای ئەم حوکمە سادەو گشتیە تۆزێ بۆ تایبەتمەندیەکان دەچینەوەو باس لە مۆدێرنزم و هەر یەک لە بنەماکان دەکەین:
<u>قوتابخانە</u> : گرنگترین شتێ لێرەدا جیای دین لە دەوڵەتە، نەمانی وانەی ئایین لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانە گشتیەکاندا زۆر ئاستەنگ لە بەردەم قوتابی لادەبات و دەیان خاتە دونیایەکی تر.. قوتابخانەکان لە قۆناغی سەرەتایی بریتین لە :

- قوتابخانەی کراوە ( غەیرە دینی، وانەی ئایین وجودی نیە)
- قوتابخانەی دینی ( کریستیانی (مەزهەبی جیا جیا)، جولەکەیی، ئیسلامی ( مەزهەبی جیاجیا، لێرەدا وانەی ئایین وجودی هەیە)
- قوتابخانەی تایبەتی ( بۆ دەوڵەمەندەکان)

لە جۆری یەکەم و دووەم دا لە ووڵاتانی ئەوروپایی قوتابخانەی ئاسایی و تایبەت هەیە. تایبەتەکان بۆ ئەو قوتابیانەن کە گرفتێکی کۆمەڵایەتی و زەینیان هەیە.

<u>خێزان</u>: خێزان لێرەدا ئەو پێناسەیە دەگرێتەوە کە مرۆڤەکان بە هۆی پەیوەندی بایەلۆژی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە بەستراو نەتەوە.
بەنموونە واتای خێزان بە مانای فیزیکی بریتی یە لە:
ژن و پیاو لەگەڵ منداڵ
ژن و ژن لەگەڵ منداڵ
پیاو و پیاو لەگەڵ منداڵ
ژن بەتەنیا لەگەڵ منداڵ

پیاو بەتەنیا لەگەڵ منداڵ

پێکهاتەی خێزان لە کۆمەلگایەک بۆ کۆمەلگایەک دەگۆڕێت.لەم سیستەمی چەوسانەوەی چینەکاندا بنەماکانی ژێرخانی کۆمەلگا چۆنیەتی و چەندایەتی خێزان دیاری دەکەن. ڕەنگە لە کۆمەلگای پێشکەوتوو دا هەموو جۆرەکان قوبووڵ بکرێن. بەڵام لە کۆمەلگایەکی تردا ڕەنگە تەنها جۆرێ لە جۆرەکان لەلایەن کۆمەڵەوە قوبووڵ بکرێت. ئاین لێرەدا هەمان کاریگەری نێگەتیفی هەیە. خێزان لە واقعی خۆیدا دامەزراوەیەکی کۆنەپەرستە و هیچ پیرۆزیەکی نیە. تەنها سەرمایە و بنەماکانی ئابووری پیرۆزیان کردوون شانبەشانی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی..

گەڕەک، هەروەکو ووتمان ناوەندی تەواوی ئەو خێزانانەیە کە لەباری کۆمەڵایەتی و ئابووری یەک ئاستی یان هەیە، ڕەنگە هەر یەک فەرهەنگیشیان هەبێ.

ئەمانەش بریتین لە:

گەڕەکی هەژاران ( کرێکارانی بەرهەمهێن)

گەڕەکی مام ناوەندیەکان ( فەرمانبەرەکانی دەوڵەت و دام و دەزگاکان)

گەڕەکی دەوڵەمەندەکان ( سەرمایەدارەکان)

گەڕەکی دەوڵەمەند دەوڵەمەندەکان ( خاوەنکارە دەوڵەمەندەکان، وەزیر و سەرکردایەتی سیاسی ووڵات ..هتد)

ئەم هەموو دابەش بوون و تەسنیف کردنە هەموو سەرچاوەی لە سیستەمی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی دا گرتووە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەهای ئابووری سنووری دابەشبوون و هەڵاواردن دیاری دەکات و بەهای مرۆڤەکان بە ئیمکاناتە ماددیەکانیانەوەیە نەک بە های مرۆڤایەتی و زەینیان.

دەڵێن هەموو ووشەی دونیا ناتوانێ سکی برسیەک تێرکا، چۆن تەنها خۆراکی زەینە..! لەگەڵ ئەوەش عەرەبەکان دەڵێن ( تنشاء العباقرة فی اکواخ مظلمة).

ئەمڕۆ بۆ کۆمەلگای ئێستا بنەمای ئابووری بڕیاری کۆتایی دەدات، بەڵام هەوڵدان بۆ گۆڕانی بنەماکانی هەریەک لە سێ کوچکەکانی بنەما کۆمەڵایەتیەکان ئەرکی فەوری کۆمەلگایە.

خاڵی وەرچەرخانی خێزان لە کۆمەلگای ئێمەدا ، بوونی بیمە کۆمەڵایەتیەکانە بۆ تەواوی ئەندامانی کۆمەڵە و تەسبیت بوونیەتی لە سیاسەتی دەوڵەتدا، بوونی قانوون کار لە تەواوی ڕشتەکانی کاردا، ئازادی یە فەردەیەکان بۆ هەمووان و گەشەی ڕۆڵی ژنان لە بەرهەمهینان دا و کەم بوونی منداڵبوونو بوونی ئازادی دیاریکردنی چارەنووسی نەوەکان بەدەست خۆیان، ئەمە جگە بوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و نەمانی زەبر و لێدان لە پەروەردەکردندا. ڕەنگە گەشەی ئابووری زۆرکاریگەری لەسەر بنەماکانی خێزان هەبیت و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیەکان لە خێزان و دەوروبەر دیاری بکەن. بەڵام بوونی نەوەیەکی نوێ کە بتوانێ وەزعیەتی کۆمەڵایەتی مەوجود تێپەڕێنی پێویستی بە ئامادەیی نەوەیەک هەیە تا ئەم قۆناغە بۆ قۆناغێکی تر ببات.

تا دەسەلاتی سەرمایە و ڕژێمە کۆمەڵایەتیەکان مابێ دەوروبەر و گەڕەکەکان هەر جیاوازن و دەبن. بەڵام هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی جیاوازی نێوان چینەکان ئەرکی هەردەمی کۆمەڵگایە، ئەمەش تەنها بە یاسایی بوونەوەی کۆمەلگاو گەشەی بزوتنەوە ریفۆرمیستیەکان دەکرێت. ئەم ناوەندە جیایانە هەر تایبەتمەندیەکانی خۆیان دەپارێزن.

بەکورتی قوتابخانە و خیزان و گەڕەک ( دەوروبەر) بنەماکانی سەرەکی نەوەکانی نوێن، هەرچەندە بەبەرنامە تر مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین ، ئەوەندە چۆنایەتی نەوەکان زیاتر بۆ سەرەوەتر دەچێت.

ئەم سستیەی حکومەتی کوردستان لە مەڕ پەروەردە، وەستان لێرەدا مانای هەنگاوێ یان چەند هەنگاوێ بۆ دواوە دەگەیەنێ، ئەمە جگە لە هەموو بێ ئیمکاناتەی هۆیەکانی پەروەردە و فێرکردن لە گشت

ئاستەکاندا. ئەم بێ مبالاتیە لە سیاسەتی پەروەردەو فێرکردن نەوەکانی داهاتوو زیاتر بۆ چارەنووسی نادیار دەبات. بەنموونە چۆنایەتی و ئاستی دۆکیومێنتەکانی خوێندن لە کوردستان دەبێ هەوڵبدرێ وا بەرزبکرێنەوە تا بتوانێ بەربەرەکانی چۆنایەتی یەکانی خوێندن لە وولاتانی دونیا دا بکات. ڕەنگە ئەم حوکمە زۆر گران بێ لە پراکتیکدا بەڵام هەرچەندە گرنگی بە بنەماکانی کۆمەڵایەتی نەوەکان بدرێت ئەوا ژیانی نەوەکانمان بەرەو باشتر دەچێ و کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستان ئاسوودەتر دەژین. بەڵام کارگێرانی وولات لە بەر بیری بلۆکی دۆلار و جارێ هەر بە خۆیان و پارتە سیاسیەکەیان دەگەن، ئەم کارانە کاردانەوەی خراپی لەسەر نەوەکانی ئایندەدا دەبێ، ئەمە گۆشەیەکی بچوکە لە بەرنامەی درێژخیایان، کات دەڕوا و نەوەکانیش نەوە دوای نەوە پێویستیەکانیان لە زیادبوون دایە و خۆشگوزەرانی یان دەبێتە داواکاری یەکی پێویست ئەمە جگە لە پێداویستەکانی ژیانیان. دەبێ دەوڵەت لە کوردستان لە ئاستی بەرین و درێژخایاندا هەموو کۆمەڵگا ببینێ ، ئەگینا دەورانێکی تری ناڕەزایەتی لە چەشنی هەستانەکانی ئابی ئەمساڵدا دەست پیدەکاتەوە، ئەمە لە ناوەخۆ خۆ لە لایەنی دەرەشدا ئەوا هەرچوار دەوری کۆمەڵگا لە هەلێ دەگەڕێ روو لە ناوە بکات و وولاتیکی ئارام و کۆمەڵگایەکی ئازاد دووبارە بۆ ژێر چەپۆکی داگیرکەران و شەڕو کاولکاری بباتەوە، میللەتی کورد لەم ناوچەیە دووبارە تووشی نائارامی دەبێتەوە ئەگەر بە هۆشیاری و سیاسیانە مامەڵە لەگەڵ تەواوی مەسەلەکان نەکات. داهاتووی هەموو کۆمەڵگایەک لە گرەوی پەروەردەی نەوەکانی نوێدایە.